# چەند واتایەكی رەخنەیی

د . عادل گەرمیانی



**سەرچاوەی وشەی رەخنە:**

رەخنە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنێكی زیرەكانەی دەقی ئەدەبی و بەرهەمی هونەریی و سەرجەم دەقەكانی نووسینی مەعریفییە لەلایەن خوێنەرێكی زیرەك و شارەزاوە دەكرێت، پێی دەوترێت رەخنەگر. وشەی رەخنە لە زمانی یۆنانی كۆندا بەشێوەی (Krino) هاتووە و بەواتای (حوكمدان) دێت، هەروەها وشەی رەخنەگر بەشێوەی (Kritikos) هاتووە و بەواتای (ئەوەی حوكم بەسەر ئەدەبدا بدات).

لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی (Critieism) بەرامبەر وشەی رەخنە بەكاردێت و، ئەم وشەیە لە ساڵی ١٧١١دا جێگیربوو لەپاش بڵاوبوونەوەی وتارێكی (بۆب)ی رەخنەگر بەناونیشانی (لە

بارەی رەخنەوە)، هەروەها وشـــەی (Critie) لە زمـــانی ئینگلیـــزیدا بەواتای رەخنەگـــر دێت، هەروەها وشـــــەی (Critique) بەواتای دەقی رەخنەلێگیراو دێت.

لە زمـانی عـەرەبیـدا وشەی (نقـد) بەرامبـەر وشـەی رەخنە بەکـاردێت و جـاران بۆ باسکردن و دەرخـــستنی خـەوشی بەرامبـەرو شـتـومـەک بەکاردەهات، هەروەها ئەم وشەی نەقدە لە زمانی عـەرەبیـدا بۆ پارەوپولیش بەکـاردێت و، وشـەی (ناقـد) بەرامبـەر وشـەی رەخنەگر بەکـاردێت و، وشـەی (منقـود) بەرامبـەر وشـەی رەخنەلێگیـراو بەکاردێت..

لە زمـانی کـوردیدا سـەرچاوەی وشـەی رەخنە لێڵە، بەڵام لەوانەیە لە وشەی رقەوە وەرگیرابێت، چونکە رەخنەگر هەندێ جار بە رق و کینەوە سەودا لەگـەڵ دەقی ئەدەبی و بەرهەمی رەخنەلێگیـراو دەکـات، هەرچەندە رق و کـینە لە خـەسڵـەتەکـانی رەخنەگری راستەقینە نییە کەوا دەبێ بەشێوەیەکی بابەتیـانە سـەودا لەگـەڵ دەقی ئەدەبی و بەرهەمی رەخنەلێگیـراو بکات و، لایەنی رق و کـینە یا خۆشەویستی خۆی لەگەڵ نووسەری دەقی ئەدەبی و خاوەن بەرهەمی رەخنەلێگیراو بخاتە لاوەوە.

**چەمکی رەخنە:**

سـادەترین پێناسـەی رەخنە هەڵسـەنگاندنی رەخنەلێگیـراوەو، ئەم کـارە هەمـوو کـەسێکی خوێنەوارو رۆشنبیـر یا نەخوێندەوارو نارۆشنبیـر دەتوانێ پێی هەڵبستێت و، وشەی باشە یا خراپ و هیچ نیـــیە زیاتر لەم جـۆرە رەخنە سـادەیە بەکاردێت، بەڵام پێناسەی ئەکادیمیی رەخنە ئەوەیە پرۆسەیەکی شیکردنەوەی مەعـریفی پراکتیکییە بەسـەر جەستەی دەق و بەرهەمە رەخنەلێگیـراوەکە دەکرێ بەمەبەستی خستنەڕووی ئاستی داهێنان و ئیســتـاتیکای شـاراوەی نێـو دەق و بەرهەمـە رەخنەلێگیراوەکە لەپاش هەڵبژاردن و پیادەکردنی تیــۆریکی رەخنەیی بەسـەر دەقـێکی ئەدەبی یا بەرهەمـێکی هونەریی، بەمـەرجێ گـونجـاندن لەنێوانیاندا هەبێت، چونکە ئەگەر بەزۆرەملێ ئەم پیادەکردنە و شیکردنەوەی بۆ دەقە ئەدەبییەکە و بەرهەمـە هونەرییـەکـە بکرێت ئەوا رەخنەگـر لە هەڵسـەنگاندن و بڕیارەکەیدا سـەرکەوتوو نابێت، بەڵکو دەبێ رەخنەگر بەپێی جۆری تیـۆرە رەخنەیی پشت پێبەستراوەکەی پرۆسەی نەشتەرگەری خۆی بەسـەر دەقـە ئەدەبییـەکـە و بەرهەمـە هونەرییـەکـە بکات.

چەمکی رەخنە گـشـتـیـیـە و دەتوانین بڵـێین بریتییە لە هەڵسـەنگاندنی بەرهەمی مەعریفی چ بەشـێـوەی زانسـتی یا ئەدەبی یا هونەریی بێت بەمەبەستی خستنەڕووی ئاستی لێهاتوویی خاوەن دەق و بەرهەمـەکـەیە، هەروەها رەخنە بریتـییـە لە نزیکردنەوەی پەیام وەرگـــری دەق و بەرهـەمـــە مەعریفیەکە لە سروشتی راستەقینە ناخەوەی ئەو دەق و بەرهەمـــەیە بەحـوکـمی ئەوەی رەخنەگـــر بەزیرەکترین خوێنەرو پەیام وەرگری ئەم جۆرە دەق و بەرهەمە مەعریفیە دادەنرێت.

هەروەها رەخنە بەواتای خوێندنەوەی زیرەکانەی دەق و بەرهەمەکە دێت کەوا بە تێڕامانی شیکاری لە دەق و بەرهەمـــەکـــە دەڕوانێت، واتا رەخنە خـوێندنەوەی ئەزمـوون و ئایدۆلۆژیاری خـاوەن بەرهەمـــەکـــەیە لەگـــەڵ دەرخـــــستنی دیاردە

مەعریفییەکانی نێو دەق و بەرهەمەکە، هەروەها رەخنە پرۆسەیەکی شیکاری مەعریفییە بەسەر جەستەی دەق و بەرهەمەکە لەلایەن رەخنەگرێکی تایبەتەوە دەکرێ بەمەبەستی خستنەڕووی ئاستی داهێنان و جوانکاری شاراوەی نێو ئەو دەقە یا بەرهەمە رەخنەلێگیراوەکە، کەوا بوارەکانی ئەدەب و هونەرو زانست و بوارەکانی دیکەی مەعریفەت وەک مێژوو کۆمەڵناسی و فەلسەفە و دەروونزانی و جوگرافیا و.. تاد دەگرێتە خۆ.

کاری رەخنە کارێکی مشەخۆری نییە بەسەر دەق یا بەرهەمە رەخنەلێگیراوەکە بکرێت، بەڵکو بەکارێکی تەواوکەری داهێنانی دەقە یا بەرهەمە رەخنەلێگیراوەکە دادەنرێت. لێرەدا پێویستە بوترێت نووسەری دەق یا خاوەنی بەرهەمە رەخنەلێگراوەکە بەکاری پێکەوەنانی بنەما هونەرییەکانی دەقە یا بەرهەمەکەی هەڵدەستێت بەپێی سروشت و جۆری دەق یا بەرهەمەکە، بەڵام رەخنەگر بەکاری شیکردنەوەی دەق یا بەرهەمە رەخنەلێگیراوەکە هەڵدەستێت بەپێی جۆرە رێباز یا میتۆدێکی رەخنەیی گونجاو لەگەڵ جۆری رەگەزو جۆری بابەت و شێوازی دەق یا بەرهەمە رەخنەلێگیراوەکە، لێرەدا هەردوو لایەنی پێکەوەنان و شیکردنەوەی دەق یا بەرهەمە رەخنەلێگیراوەکە. زیاتر لە پێناو گەیاندنی پەیامی دەق یا بەرهەمە رەخنەلێگراوەکەیە بە خوێنەرو پەیام وەرگرەکەیەتی، کەواتە رەخنە بەشێوەیەکی گشتی هەڵسەنگاندن و بڕیاردان و خوێندنەوەیەکی زیرەکانەی دەق یا بەرهەمە رەخنەلێگراوەکەیە.

**واتاکانی رەخنە:**

بەحوکمی ئەوەی رەخنە پرۆسەیەکی هەڵسەنگاندنی دەقەکانی ئەدەبە، هەروەها بەحوکمی ئەوەی رەخنە پرۆسەیەکی شیکارییە بۆ بنەما هۆکارییەکانی ئەو دەقەی رەخنەی لێدەگیرێ، هەروەها بەحوکمی ئەوەی رەخنە جۆرە راڤەکردنێکی سروشتی بیرو بابەتی ناوەوەی دەقە، بۆیە لەم بارەیەوە دەکرێ مانای رەخنە لەم سێ خاڵەی خوارەوە دیاری بکرێ:

١- **رەخنە راڤەکردنە**: بەواتای ئەوەی هەموو دەقێکی ئەدەبی خاوەن جۆرە بیرو بابەتێکەو، ئەرکی رەخنەگر لە پرۆسەی رەخنەکەیدا زیاتر راڤەکردنیانە تا خوێنەری دەق بەجوانی لە جیهانی ناوەوەی دەقەکە تێبگات، چونکە ئەو دەقە خاوەن پەیامی مەعریفی نووسەرەکەیەتی لەڕێی بیرو بابەتی ئەو دەقەوە بەخوێنەرەکەی رادەگەیەنێ و، زۆرجار خوێنەری ئاسایی دەق بەجوانی لە پەیامی دەق تێناگات و پێویستی بەکۆششی رەخنەگرە بۆ روونکردنەوە و راڤەکردنی پەیامی ئەو دەقە، کەواتە رەخنە راڤەکردنە.

٢- **رەخنە شیکردنەوەیە**: مەبەستمان لە شیکردنەوە خستنەڕووی بنەما هونەرییەکانی دەقە ئەدەبییەکانە، کەوا بەپێی رەگەزەکانی ئەدەب جیاوازی دەکەوێتە نێوانیانەوە. لێرەدا ئەرکی رەخنەگر زیاتر شیکردنەوەی بینای هونەری دەقە ئەدەبییەکانە لەڕووی ناوەرۆک و شێوەوەو، لەم بوارەدا سوودی رەخنە دوو لایەنە، چونکە نووسەری دەق بە ئەرکی پێکەوەنانی بنەما هونەرییەکانی دەقەکەی وەک دەقساز هەڵدەستێ، هەروەها سوودی بۆ خوێنەری ئاسایی دەقیشە کەوا

بەدوای خـــــۆشی دەق دەگـــــەڕێت و لەڕێی شـــیکردنەوەی ڕەخنەییـــەوە ئەو چێـــژەی دەست دەکـــەوێ، واتە لایەنی شـــیکاری لە ڕەخنەی ئەدەبیدا هەنگاوی دووەمە لە پرۆسەی ڕەخنەدا.

٣- **ڕەخنە بڕیاردانە**: لایەنی ڕەخنەگـــــرتن فـرێزەیەکی زکـمـاکـیـە لەناخـەوەی هەمـوو مـرۆڤـێکدایە، واتە هەمـوو مـرۆڤـێک خـاوەن توانایەکی ڕەخنەییـــە، بەڵام ئەم جـۆرە ڕەخنەیە دەچێـتە خانەی ڕەخنەی سادەوە کەوا پێـویستی بەشـارەزاییـەکی بەرفـراوانی نییـە، بەڵام دەقی ئەدەبی وەکو بەرهەمێکی مەعـریفی خاوەن چەند بنەمـایەکی هونەرییە بەپێچەوانەوە ڕەخنە کەوا پێویستی بەشارەزاییەکی باش هەیە تا ڕەخنەگر سـەرکـەوتووبێت لە هەڵسـەنگاندنی ئەو دەقـە ئەدەبییـە و ئەوسا هەڵسـەنگاندنەکە دەبێـتە ڕێخۆشکەرێک بۆ بڕیاردانی ڕەخنەگر، کەوا هەر دەبێ بڕیاری خۆی بدات لە بارەی ئەو دەقـەوە لە کۆتایی بەسەرکردنەوەی ئەو دەقە ئەدەبییە، کەوا دەبێ بەجـوانی هەڵبـــژێرێت بۆ ئەوەی بڕیاری ڕەخنەیی خۆی لە بارەیەوە بدات.

**سوودی ڕەخنەی ئەدەبی:**

١- بەرزکـردنەوەی ئاسـتی تێگەیشـتنی پەیام وەرگرانە، لە دەقێکی هەڵبژێراو بۆ ڕەخنە لێگرتن، چونکە خـوێنەری ئاسـایی هەندێ لە دەقـەکـان پێویستی بەبلیمەتی ڕەخنەگرە تا زیاتر شارەزایی پەیدا بکات لە بارەی ئاستی مەعریفی بەرفراوانی ئەو دەقـانە. بۆ نموونە خـوێنەری ئاسـایی ئەم ڕۆژگــارە بە ئاسـانی ناتوانێ لە ڕۆمـانەکـانی بەختیار عەلی تێبگات تەنیا لەڕێی ئەو نووسینە ڕەخنەییانە نەبێت لە بارەی دەقی ئەو ڕۆمانانەوە دەنووسرێن.

٢- دیاریـکردنی لایەنە هونـەرییـــە باش و خراپەکانی دەقە هەڵبژێراوەکانە بۆ ڕەخنەلێگرتن، بەمـەبەسـتی ڕاسـتکردنەوەی پرۆسـەی داهێنانی نووسەرەکانیان، هەروەها بۆ ئەوەی ئەم دیاریکردنە ببێـتە هۆکـارو هاندەرێکی باش و کـاریگەر لە نووسین و داهێنانی نێـو دەقـە تازەکـانی ئەو نووسەرە لە داهاتوودا.

٣- تۆمـارکردنێکی ئەکـادیمی و زانسـتیـیـانەی ڕەوتی ڕاستەقینەی ڕەگەزە ئەدەبییە هاوچەرخەکانە بەمـەبەسـتی بەشـداریکردنێکی ڕاسـتـەوخۆیە لە تۆمارکردنی مێژووی هاوچەرخی ئەدەبییاتی گەلی خـاوەن دەق هەڵبـژێراوەکـانە. بۆ نموونە، دەتوانین لەڕێی ڕەخنەی ئەدەبیی هاوچەرخـــــــانەوە لایەنەکـانی هەبوونی پۆسـتـەر شیـعـرو کـورتیلە چیـرۆک و پەخشـانەشیـعـرو کورتیلە ڕۆمـان لەم ڕۆژگـاری سـەرەتای سەدەی بیست و یەک دیاری بکەین کـەوا دەبنە خـاڵە گـرنگەکـانی مـێـژووی ئەدەبی کوردیی هاوچەرخمان کەوا ڕەخنەی ئەدەبی بەئەرکی تۆمارکردنیان هەڵساوە وەک خزمەتێک بۆ مێژووی ئەدەبی کوردیی هاوچەرخمان.

٤- خزمـەتێکی ڕاسـتـەوخۆی تیـۆری ئەدەبی و ئیستـاتیکای ئەدەبی لە زانستی ئەدەبدا دەکات. چونکە ڕەخنەی ئەدەبی بەشێکی گـرنگی زانسـتی ئەدەبە و، پێـوەندییـەکی کاریگەری تایبـەتی هەیە لەگەڵ هەردوو بەشی تیۆری ئەدەب و ئیستاتیکای ئـەدەب کـــــــەوا لـێـکـۆڵـەری ئەم دوو بـوارە پێویستییەکی زۆریان هەیە بەجۆرە شارەزاییەکی ڕەخنەیی لە پرۆژەی خـوێندنەوە و هەڵبــژاردن و

لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن و دوا بڕیاری ڕەخنەیی ئەکادیمیانەی ڕەخنەگرە، کەوا دەبێ بلیمەتترو داهێنەرتر بێت لە چاو نووسەرو خاوەنی ئەو دەقە هەڵبژێراوانە بۆ ڕەخنەلێگرتن.

**خەسڵەتەکانی ڕەخنە:**

١- **ڕەخنە بیرە**: واتە ڕەخنە زادەی بیروبۆچوونی ڕەخنەگرە لە ئەنجامی چەند خوێندنەوە و تێرامانێک لای دروست دەبێت و، ئەم لایەنەش لە ئەنجامی کارتێکردنی دەقە ئەدەبییەکە لە هزرو بیری ناخەوەی ڕەخنەگر دروست دەبێت، واتە بیری نێو نووسینی ڕەخنەیی ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونی ڕەخنەگرە کەوا لەژێر کاریگەری تیۆرێکی ڕەخنەیی بیر دەکاتەوە و دەق هەڵدەسەنگێنێ.

٢- **ڕەخنە شیکردنەوەیە**: واتە ڕەخنە پرۆسەیەکی شیتالییە بریتییە لە ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی دەقی ئەدەبییە (ڕاڤەکردن- شیکردنەوە- بڕیاردان) چونکە ڕەخنەگر بەپێی گۆشەنیگای خۆی دەڕوانێتە بابەتە ڕەخنەلێگراوەکە، هەروەها بەمەبەستی گەیشتنی خوێنەری دەق بەخۆشی دەق ئەم کارە دەکات. جگە لەوەی پرۆسەی ڕەخنە لە پێناو خستنەڕووی ئاستی پێکەوەنانی چێژی دەقە کەوا لەلایەن نووسەری دەقە ئەدەبییەکەوە دەیبەخشێتە جیهانی دەقەکەی. ڕێبازی شێوازی ڕەخنە زیاتر شیکارییە، چونکە بۆ ڕەخنەگرتن لە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی پێویستە پێشەکی چەند لایەنێکی شیتەڵ بکرێتەوە بۆ خستنەڕووی ئەو لایەنانەی ڕەخنەگر دەیەوێ بیخاتە ژێر زەڕەبینی ڕەخنەکەیەوە.

٣- **ڕەخنە داهێنانە**: واتە هەموو ڕەخنەیەک لەوانەیە ببێتە جۆرە داهێنانێک ئەگەر ڕەخنەگر سەرکەوتووانە گەشتی کرد بەنێو بەرهەمە ئەدەبییە ڕەخنەلێگیراوەکە تەنانەت داهێنانی ڕەخنەگر دەتوانێ ببێتە زیاتر مایەی هاوتەریبی داهێنانی نووسەری بەرهەمە ئەدەبییە ڕەخنەلێگیراوەکە.

کەواتە ڕەخنە جۆرە داهێنانێکی مەعریفی نوێیە لە ئەنجامی خوێندنێکی ڕەخنەیی دێتە کایەوە. چونکە ڕەخنەگریش وەک نووسەری دەق دەیەوێ توانای مەعریفی خۆی لە ئاست بەرهەمە ئەدەبییە ڕەخنەلێگیراوەکە بخاتەڕوو بەهۆیەوە هەندێ زانیاری پێشکەشی خوێنەری دەق و نووسەری دەق دەکرێ. کەواتە ڕەخنە کارێکی مشەخۆری نییە بەسەر جیهانی بەرهەمە ئەدەبییە ڕەخنەلێگیراوەکە، بەڵکو پرۆسەی ڕەخنە دەبێتە کەرەستەیەک یا تەواوکەرێک بۆ داهێنانی نێو بەرهەمە ئەدەبییە ڕەخنەلێگیراوەکە.

٤- **ڕەخنە ئەزموونە**: واتە ڕەخنە تاقیکردنەوەیەکی مەعریفییە یا جۆرێکە لە کارکردن بەسەر جەستەی دەقە ئەدەبییە ڕەخنەلێگیراوەکە دەکرێ بەپێی جۆرە ڕێبازێکی ڕەخنەیی، بۆیە هەرچەند ڕەخنەگر خاوەن ئەزموونێکی زۆر بێت ئەوەندە دەبێتە خاوەن شارەزاییەکی زیاتر لە چاو نووسەری دەقداو ئەوسا بڕیارەکانی سەرکەوتوو کاریگەرتر دەبن.

٥- **ڕەخنە واتای واتایە**: هەموو دەقێک خاوەن واتای خۆیەتی لە ئەنجامی لێکدانی بابەتی دەق و بیری دەق دروست دەبێت (بابەتی دەق + بیری دەق = واتای دەق). ئەم واتای دەقە دەبێتە

زەمینەیەک بۆ سەرهەڵدانی واتایەکی تازە لەنێو لێکدانەوەی رەخنەگر بۆ دەقەکە دروست دەبێت. واتە ئامانجی هەموو رەخنەیەک زیاتر هەنگاونانە بەرەو مانای بەرهەمە ئەدەبییە رەخنەلێگیراوەکە و کەشفی ئەو مانایەمان بۆ دەکات. واتە رەخنەگر ئەرکی پەردە هەڵماڵین لەرووی واتای شاراوەی دەقە ئەدەبییە رەخنەلێگیراوەکە هەڵدەستێ. واتە هەموو دەقێکی ئەدەبی خاوەن جۆرە واتایەکە بەپێی جۆرە بۆچوونێکی رەخنەگر دەخرێتەروو.

٦- **رەخنە شۆڕبوونەوە و قووڵبوونەوەیە:** واتە پرۆسەی بەجۆرە دابەزین و شۆڕبوونەوەیەک دادەنرێ بۆ ئەو شوێنەی لە ناخەوەی بەرهەمە ئەدەبییە رەخنەلێگیراوەکەیە کەوا خوێنەری ئاسایی دەق بەئاسانی درکی پێ ناکات.

٧- **رەخنەدواندنە:** چونکە رەخنە سەرەتایەک دادەمەزرێنێ بۆ ئاخاوتنێکی دیکە لەمەڕ ئاخاوتنی نێو جیهانی بەرهەمە ئەدەبییە رەخنەلێگیراوەکە. واتا ئاخاوتنی رەخنە بەتەواوکەرێکی ئاخاوتنی نێو بەرهەمە ئەدەبییە رەخنەلێگیراوەکە دادەنرێ، چونکە تێگەیشتنی رەخنەگر بۆ بەرهەمە ئەدەبییە رەخنەلێگیراوەکە جیاوازترە لە تێگەیشتنی نووسەری دەقی ئەدەبی و داهێنەری بەرهەمە ئەدەبییەکە لەگەڵ تێگەیشتنی خوێنەری ئاسایی دەقە ئەدەبییەکە. کەواتە رەخنەگر لە رەخنەکەیدا لەگەڵ نووسەری دەق و خوێنەری ئاسایی دەق دەدوێت.

٨- زمانی رەخنە باڵاترە (میتازمانە) لە چاو زمانی بەرهەمە ئەدەبییە رەخنەلێگیراوەکە. واتە نووسەری دەقی ئەدەبی بەپێی رەگەزی دەقەکەی جۆرە زمانێکی پاراوەی هەڵبژاردە لەنێو دەقەکەیدا بەکاردەهێنێ. بۆ نموونە، زمانی هۆنراوە تاڕادەیەک جیاوازە لە زمانی شانۆ یا چیرۆک، بەڵام زمانی رەخنە دەربارەی ئەو رەگەزە ئەدەبییانە لە ئاستێکی باڵاترە، چونکە زمانی نووسەری دەق بەئەرکی پێکەوەنانی جیهانی دەقەکەی هەڵدەستێ، بەڵام زمانی رەخنەگر بەئەرکی شیکردنەوەی جیهانی دەقەکە بۆ خوێنەری دەقەکە هەڵدەستێ، واتە زمانی رەخنە زیاتر لە مێشکی نووسەری دەق و خوێنەری ئاسایی دەق دەدوێت لە پێناو پێشکەشکردنی هەندێ زانیاری لە بارەی دەقەکەوە بەهەردووکیان. زمانی رەخنە زمانێکی عەقڵی پوختکراوترە و جیاوازترە لە زمانی بەرهەمە ئەدەبییە رەخنەلێگیراوەکە کەوا جۆرە سوودوەرگرتنێک لە هەردوو زمانی سۆزو عەقڵ تیایدا وەبەرچاو دەکەوێت بۆ زیاتر نزیکخستنی لە ئاستی تێگەیشتنی خوێنەری دەقە ئەدەبییەکە.

٩- **رەخنە بڕیاردانە:** واتە هەموو رەخنەیەک لە پاش راڤەکردن و شیکردنەوەی دەق جۆرە بڕیارێک لە بارەی دەقەکەوە پێشکەش دەکات بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی بەرهەمی نووسەری دەق، هەروەها بەمەبەستی سەرنجڕاکێشانی خوێنەری ئاسایی دەق بەرەو جیهانی راستەقینەی دەقە رەخنەلێگیراوەکە.